گفتوگۆ لە گەڵ ( بیرگیتە کیشلە- پارێزەر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ) و

د. نیکۆلاوس بڕاونس( ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس و هاوکار لە نوسینگەی ئولا یالپکە-ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانی )

# ئەگەر شیوعییەکان و سۆسیالیستەکان بەرپرسیارییەتی خۆیان لە ئەستۆ نەگرن لە دواییدا لە ئەڵمانیا فاشیستەکان و لە کوردستان ئیسلامییەکان سوودمەند دەبن.

سازدانی / سەلام عەبدوڵاو

**پرسیاری بە گشتی بارودۆخی کوردستانی باشوور چۆن دەبینن ئاراستەی هەردوو بەڕێزان بیرگیتە کیشلە و د. نیکۆلاوس براونس کردو هەریەکیان بە جیا وەڵامیان دایەوە.**

نیکۆلاوس: بارودۆخی پاش هاتنی ئەمریکییەکان ئەوەیە، بەرنامەی نیولیبڕالیزم پەیڕەودەکەن و کاتێ لە گەل خەڵك گفتوگۆ دەکەم، هەست بەوە دەکەم کە نارازین و هەموویان هاوریان لێ هەڵدەستێت لەبارەی گەندەڵی، کێشەی کارەبا و ئاو و بازاڕ. کاتێ لەنێو شارەکان سەفەر دەکەم، دەبینم ئەم کۆمەڵگایە بۆ دوو چین دابەشکراون. ئەم مەسەلەیە لە ئەڵمانیاش هەیە: لەلایەك کەسانی زۆر دەوڵەمەند و خاوەن ڤیلاو تەلاری زۆر گران، لەولاوە خەڵکی زۆر هەژار دەبینرێن پەنابەر و هەژارێکی زۆر. لە ئەڵمانیا هەژاری بە ڕوونی نابینرێت. لە زۆر کەس گوێمان لێ بوو دەیانگوت: ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێ، ئەوا تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات. ئەم بارودۆخی کۆمەڵایەتییە، بانگەوازی چارەسەری کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام من دەبنیم چەپەکان هێزی ئەوتۆیان نییە، بتوانن خەڵکی نارازی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و ببن بە حزبێکی جەماوەری. بەگوێرەی زانیاریم، حیزبی شیوعی کوردستانی دەتوانێ ببێ بە حزبێکی جەماوەری و بینیم لە هەموو شارو شارۆچکەکان ئاڵای سوور بە داس و چەکوش بەرزکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پێدەچێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەساوە- نە لەناو پەرلەمان و نە لە دەرەوەی پەرلەمان-. حزب خۆیی بە زنجیر بەستووە، و لە حکومەتێك بەشدار بووە، کە سەرتاپای گەندەڵییە. سەرئەنجامی پێکەوە کارکردنی ئەم حزبە لەگەل حزبە بۆرژواکان ئەوەیە کە حزبە ئیسلامییەکان خۆیان وەك ئۆپۆزیسیونی ڕاستەقینە پیشاندەدەن. لێرەدا دەبێ بڵێم کە من نامەوێت ئەو هەستەیان هەبێت کە من لە ئەڵمانیاوە هاتووم و پێشیاریان بۆ دەکەم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەزموونەکەمان لە ئەڵمانیا پیشانبدەم. ئەزموونی ئەو حزبە کە بۆی کاردەکەم(پی. دی. ئێس) یان(حزبی چەپەکان)، بەدرێژایی چەندین ساڵ لەگەل سۆسیال دیموکراتەکان هاوپەیمانن، و لە دژی بەرنامەکەی خۆیان، سیاسەتێکی نیولیبراڵ پەیڕەدەکات، تەنانەت لە ئاستی پریڤاتکردنی خانووە کۆمەڵایەتییەکان( (خانووەکان بە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بفرۆشن و بەشێکیان هەر فرۆشتووە).

لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتە، حزبەکەمان لە بەرلین و بەگشتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، پشتیوانی کەم بووەتەوە. لە زۆرێکی ئەو شارانە، نازییەکان وەك تاقە ئۆپۆزیسیون خۆیان نیشاندەدەن. ئەگەر شیوعییەکان و سۆسیالیستەکان بەرپرسیارییەتی خۆیان لە ئەستۆ نەگرن، لە دواییدا لە ئەڵمانیا فاشیستەکان و لە کوردستان ئیسلامییەکان سوودمەند دەبن. گەرچی بەباشی بارودۆخی ئێرە شارەزا نیم، بەڵام پێشنیار دەکەم شیوعییەکان بزوتنەوەیەك لە دەرەوەی پەرلەمان درووست بکەن، بۆ نموونە ( کۆمیتەی دژ بە هەژاری) یان( کۆمیتەی دژ بە گەندەڵی)درووست بکەن. بەم شێوەیە شیوعییەکان دەبێ لە دژی نیولیبرالیزم و پریڤاتکردنی دامودەزگاکان و لەپێناو کۆنترۆڵکردنی بودجەی ساڵانەی حکومەت خەبات بکەن و هەروا دەبێ داخوازی کۆمونیستانە هەبێت بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان پلانێکی هەبێت بۆ گەشەسەندنی وڵاتەکە، بۆ نموونە گەشەپێدان بە کەرتی کشتوکاڵی، چونکە نابێ کوردستان بکرێت بە دەستکەوتی دەڵاڵە دەرەکییەکان.

کوردان لە سەدەکانی ڕابردوو، وەك تۆپی یاری بە دەستی زلهێزەکانەوە یاریان پێکراوە. من وا تێدەگەم گەر کوردان بە ڕووخاندنی سەدام لەلایەن ئەمریکێکانەوە، خۆشحاڵن، بەڵام هیوادارم مێژووەکەیان لەبیر نەکەن و بەبیری خۆیان بهێننەوە، چۆن لەلاین زلهێزە ئۆروپی و ئەمریکییەکانەوە تا ئێستا خیانەتیان لێ کراوەو دەکرێ، بەتایبەتی کوردان دەبێ وتەکەی سەرکردەی کورد (مەلا موستەفای بارزانی) لەبیرنەکەن کە لەکاتی هەڵهاتن لەبەردەم لەشکری ئێران و عیراق لە ساڵی ١٩٧٤دا وتی: گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوە بوو کە پشتم بە ئەمریکییەکان بەست.



### بۆ هەمان پرسیار پارێزەرو ڕۆژنامەنووس

بیرگیت کیشلە گوتی : واقعی ئیمرۆی کوردستان کەمتر لەگەڵ خەونی زۆربەی کوردستانیان دێتەوە، بۆ ئەوانەی کە چەندین ساڵە لەپێناو کوردستانێکی ئازادو فیدڕاڵ خەباتیان کرد. من دەتوانم بڵێم کە خەڵکی کوردستان لەژێر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی قورس دەناڵێنن. کێشەیەکی زۆر کەڵەکەیان کردووەو بۆ چارەسەرکردنیان، وەڵامی حازرو ئاسانم پێ نییە.

کێشەی یەکەم ئەوەیە کە بارودۆخی ئێستا بە هۆی داگیرکەرە ئەمریکییەکان هاتووەتەپێش. داگیرکردنی عیراق لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە، مانای ڕزگارکردنی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە عیراق لە سەر هەموو ئاستەکان لە خزمەت و لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکییەکان بێت.

خاڵی دووهەم: هەموو دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بەرژەوندیان لەگەل کوردستانێکی ئازاد نایەتەوە، بۆیە بە بڕوای من بزووتنەوەی چەپ و شۆڕشگێر لە ئاستێکی نوێ دابنێن، چونکە تاقە چارەسەرێکی پێشکەوتوو و شۆڕشگێر بۆ کێشەی کوردستان، لەبەرستدا نییە، بۆیە تەنها بە ڕێگای چارەسەرێك بۆ هەموو ناوچەکە، چارەسەر دەکرێت. کێشە گرنگەکە بریتی نییە لە کێشەی ئەتنی و ناسیونالیستی، بەڵکو لە چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکاران و جووتیارانی هەموو ناوچەکە. مەبەستم ئەوەیە، لەسەر ئاستی جەماوەر، مرۆڤەکان ڕێکبخرێن و پێکەوە تەسەوری پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی هەمووان گەشەی پێبکرێت و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ببرێن. ئەمە بە دوو ڕۆژ چارەسەر ناکرێت، بەڵام ئەم کارە، داوا لە هێزە کۆمونیستەکان دەکات بە ڕوونی بڵێن کە ئێمە پرۆتێستی جەماوەری ڕێکدەخەین و گەشەی پێدەدەین.

واتە: بۆ نموونە لەسەر ئاستی ئابووری، گەشە بە کاری هەرەوەزی بدەن و سەرلەنوێ دابەشکردنی دارایی حکومەت بۆ پڕکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی دانیشتوان و لە دژی پریڤاتکردن، هەڵوێست وەربگرن، بە تایبەتیش دەبێ کاری سەندیکایی و بزووتنەوەی کرێکاری بەهێزبکەن. من هیوام وا بوو، لە ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە، نەختێك لەسەر ئەم ئاستە،، بڵاوبکەمەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینم، ئازایەتیم بەرچاوناکەوێت بۆ گەشەپێدانی ئەم وڵاتە، بۆیە دەبینین لاوان لەم پرۆسەیەو بە هۆی نەبوونی پێشبینی بەرنامەریزی، دووردەکەونەوە. تەنانەت ئەگەر چەپەکان لاوازیش بن، دەبێ ئەم داخوازییانە وەك هێرش بردن بەکاربهێنن و لەلانی کەمەوە لە هەندێ لایەن بە دانیشتوان ئەڵتەرناتیڤێك پیشان بدەن.

**پرسیار: بارودۆخی ژنان لە ئەلمانیا چۆنە؟**

بیرگیتە: لە ئەلمانیا وەك لە وڵاتانی ئۆروپا، بە گوێرەی یاسا، ژنان یەکسانن لەگەل مافی پیاوان. هەروا هەمان مافیان هەیە بۆ فێربوون و پیشە و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هاتووچوو بکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە بە ڕاستی مافی یەکسانیان وەرگرتووەو ناتوانین لە بارەی ئازادبوونیان هیچ بڵێین. ژنان لە هەمان پیشە، ٣٠٪ کەمتر لە پیاوان موچە وەردەگرن. زۆر لە ژنان پیشەیان هەیە، بەڵام لە سەر بنەمای نیو ڕۆژکار یان دوو کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا کاردەکەن. پەروەردەی منداڵ، سەرباری هەبوونی زۆر بنکەی پەروەردەکردن، هێشتا وەك کاری ژنان ماوەتەوە. زیانەکان لە تۆری بیمەی کۆمەڵایەتی، زیاتر ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. هەروا توندوتیژی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، بۆ نموونە(لەناو خێزان)و لەناو ژیانی ڕۆژانەو وەك کاڵایەك لە پیشەسازی پۆرنۆگرافی بەکاردەهێنرێن. ئەو ژنانە کە خۆیان بە فێمینستی سۆسیالیست دەزانن، دوو بنەمای سەرەکیان هەیە بۆ کارکردن، ئێمە خەبات ناکەین بۆ یەکسانی لە نایەکسانیداو لەو بڕوایەین کە ئازادی ڕاستەقینە بۆ ژنان، بەبێ گۆڕانگاری ریشەیی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەدی نایەت، بەڵام گۆڕانی ریشەییش بە بێ ئازادی ڕاستەقینەی ژنان بەدی نایەت، لێرەدا، بۆ ئەوەی بە تۆکمەیی وەڵامی پرسیارەکە بدرێتەوە، چەند خاڵێك هەیە لەبارەی کێشەی ژنان، بۆ نموونە دەبێ کایەی ژنان لە بەرنامەی حزبەکان ببینین. باری ژنان لە کوردستان لە زۆر لایەنەوە، زۆر سەختترە لە ژنانی ئەلمانیا. ڕۆڵی ژنان لێرە کۆنزەرفاتیڤە و تەنها بە تێڕوانین بۆ ئۆروپا و تەسەوریان لەبارەی ئەوەی ژنان لە ئۆروپا ئازادن، وەهم درووست دەکات و لەم بارەیەوە، دەبێ بزووتنەوەی ئازادی ژنان لە کوردستان، ئۆروپا وەك نموونە تەماشا نەکەن.

**پرسیار: ئێوە وەك چەپ چی دەکەن لە دژی شەرکەتە کیمیاوییە ئەلمانییەکان کە یارمەتی سەددامیان دا. چۆن ئەوانە بۆ بەردەم دادگا ڕاپێچ بکرێن؟ چۆن هەڵوێستی حکومەتی کوردستان هەڵدەسەنگێنن؟**

نیکۆلاوس: لە ساڵی داهاتوو یادی ٢٠ساڵی تاوانی هەڵەبجەیە، بەڵام هەڵەبجە، نە لە کوردستان و نە لە ئەڵمانیا وەك تاوانێکی کۆمەڵکوژی لە دژی مرۆڤایەتی، بە فەرمی ڕۆڵێکی سیاسی نابینێت. حکومەتی کوردستان خۆی وەك نوێنەری بەرژەوەندی قوربانیانی هەڵەبجە دانانا، بەڵام بە گوێرەی تێڕوانینی من، پارتی و یەکێتی خەمی دادپەروەری و قەرەبووکردنی قوربانیانیان بەلاوە گرنگ نییە و کار بۆ دادگاییکردنی ئەو شەرکەتانە ناکەن کە سەددام بە چەکی ژەهراوی چەکدارکرد. لە یولی/٢٠٠٥ لە موینشن کۆنفرانسێك ڕێکخرا لەسەر داوای مەکتەبی پیشەسازی و بازرگانی و تێدا ٢٥٠ بازرگان و سیاسەتمەداری ئەلمانی و ٣٠٠ بازرگان و سیاسەتمەداری کورد بەشداریان کرد. سەرۆك وەزیرانی بایرن(شتۆیبەر) لە وتەکەیدا بە شانوباڵی پێکەوەکارکردنی ئابووری ئەلمانی و عیراقی لە ساڵانی ڕابردوو هات و وەك ناردنی بەرهەم باسی ناردنی بەرهەمی کیمیاوی کرد. بەشداربووە کوردەکانی کۆنفرانسەکە(بەرپرسانی یەکێتی و پارتی) و نوێنەری حکومەت کردیان بە چەپڵەڕێزان، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکیان بڵێ((بەو بەرهەمی کیمیاوییە لە هەڵەبجە کۆمەڵکوژی کرا)، لە بری ئەوە، نوێنەری حکومەتی کوردستان پێشنیاری خۆی بەو مانایە ئاراستەی سەرمایەی ئەلمانی کرد کە دەستی کار لە کوردستان هەرزانە و شەرکەتە ئەلمانییەکان ئازادن لە باجدان، لە هەمان کات خەڵکی هەڵەبجە لە ژێر کارتێکردنەکانی ئەو تاوانە و هێشتا هەر لە ئاستی هەژاری دەژێن و سەرمایەدارە کوردەکانیش دووبارە لەگەل پیاوکوژەکانی دوێنێ بازرگانی دەکەن.

ئێمە دەبێ لە یادی ٢٠ساڵی تاوانی هەڵەبجە لە ئۆروپا پێکەوە یادی قوربانیان بکەین و تاوانبارەکان و پیاوە شاراوەکانیان( شەرکەتە ئەڵمانەکان) بناسین و داوای قەرەبووکردنی زیانەکانیان لێ بکەین. ئەگەر ئەمە ڕوونەدا، حکومەتی کوردستان ئەو مافەی نییە، ناوی قوربانییەکانی هەڵەبجە بهێنن.

---

# هایدیگەر، هیتلەری فەلسەفەی ئەڵمانییە؟!

## جۆرج لۆکاش: پێویست بەگوتن ناکات، هایدیگەر نازی بوو. لەم بارەیەوە هیچ گومانێکم نیە. جگە لەمەش، ئەو بەردەوام کەسێکی کۆنەپەرست بووە.

سەلام عەبدوڵڵا

### بەشی یەکەم

ئەم ڕۆژانە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کتێبی (هایدیگەر و شۆڕشی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، ٣٧٧لاپەڕە)گەیاندە دەستی خوێنەران و لێرەدا شوێنی سەرنج و تێبینی ئەم وتارەیە.

هەر لەم ڕۆژانە، دوو مێوانی ئەڵمان(ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس د. نیکۆلاوس بڕاونس- هاوکاری ئەندامی پەرلەمانتار ئولە پالپکە- و پارێزەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس خانم بیرگیتە کیشلەر)بۆ سلێمانی هاتن. پێش ئەوەی بگەینە کتێبخانەی هاوڵاتی، پێمگوتن: ئێوە ئەزانن، هەندێ کوردی دژە گۆران، شۆڕش و پێشڤەچوونی مرۆیانە، تازە بە تازە بیردۆزانی کۆمەڵکوژی(نیتشە و هایدەگەر) یان دۆزیوەتەوە؟ ئەوان پێکەنین و پێیان وابوو گەمەیان لەتەك دەکەم، بەڵام هەر کە گەیشتینە کتێبخانەی هاوڵاتی، دەبینین کتێبێك بەناوی(هایدیگەرو شۆڕشی فەلسەفی)بۆ فرۆشتن دانراوە. ئەوجا سەیریان لێ هات و تیان: جا کوردان چ پێویستییەکیان هەیە بە فەیلەسوفی فاشییەت؟. منیش بە پێکەنینەوە وتم: سەبرکەن، ئێستا چەندین کتێبی نیتشەو هیتلەر-ماین کەمف، کە دەیان ساڵە لە ئەڵمانیا قەدەغەیە و کتێبی نهێنییەکانی هیتلەر- یان لەبارەیانەوە پیشاندەدەم.

ئەوان بە سەرسوڕمانەوە وتیان: ئاخر بۆچی؟

منیش هەر بۆ شۆخی، پێمگوتن: سمێڵ ڕەمزی پیاوەتییەو هەندێ کەسی باوکسالار پێیانوایە، پیاو بە سمێڵە و بەڕاستی سمێڵی نیتشە زۆر لە سمێڵی مارکس قەبەو پڕترە..ڕۆشنبیری کوردی لە پەنجاکانەوە تا ئێستا قەت بەم پلەیەی ئێستا ئاستنزم، بۆگەن و بارلێژ و پێکەنیناوی نەبووە، ئەگەر وا نەبێت، بۆچی ڕێك لەم سەردەمە کە پەتای جەنگ و تاوانی کۆنەپەرستی و وەحشییەتی سەرمایە باڵادەستە، ئەو جۆرە کەسانە پەنا بۆ ئەو بیرمەندە درندانە دەبەن کە خوێنی ملیونان مرۆڤ لە نوکی قەڵەمەکانیان دەچۆڕێ؟! لەوەش وێرانترو خراپتر و زیانبەخشتر ئەوەیە، ئەو"گیزندلانە" هەڵدەدەن، قەڵەمەکانیان بۆ بشۆرنەوەو بەبێ لەکەی خوێن بە خوێنەری کوردزمان بناسێنن، ئایا بڵاوکردنی ئەم جۆرە نووسراوانە پیشەسازی فکرێکی تایبەت نییە یان من گومڕام و بێ ویژدانانە و لە"ئێرەییەوە"، هێرشی ناڕەواو بێ بەڵگە دەکەمە سەر هەندێ"ڕۆشنبیر"؟!

هەرگیز، ئەرکی ئێمە ئەوەیە، پەیوەندی نێوان هوشیاریو بوون کە بنەڕەتترین کێشەی فەلسەفەیە بە تێڕوانینێکی مەتریالیستی دیالێکتیکی و مێژوویی ڕاڤەبکەین و هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بیگۆڕین. ئەمەیە ئەرکی فەلسەفە، چونکە لەسەرەتاوە بەرهەمهێنانی هزر، تەسەورەکان و هوشیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وتۆکمە، تێکەڵە بەچالاکی مەتریالیستانەوە و پەیوەندی مەتریالیستانە لەنێو مرۆڤەکان، ئەمە زمانی ژیانی واقیعییە. لێرەشدا تەسەورەکان، فکر و مامەڵەکردنی زهنی لەنێو بەشەر بە شێوەیەك دەردەکەوێ کە ڕاستەوخۆ لە هەڵسوکەوتە ماددیەکەیان سەرچاوەی گرتبێ. خودی ئەمە لەسەر بەرهەمهێنانی هزریانە جێبەجێدەکرێ لە زمانی سیاسەت، یاساکان، ڕەوشت، ئاین و میتافیزیا...هتد لە ناو تەواوی گەلێك. مرۆڤەکان خۆیان سەرچاوەی تەسەور و هزرەکانیانن...هتد(ئیدۆلۆژی ئەڵمانی، لاپەڕەی٣٠)

هایدیگەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کاری فەلسەفی بڵاوکردووەو لە ١٩٧٦دا بە بەبێ ئەوەی بچووکترین پەشیمانی یان ڕەخنە لەخۆ بگرێ، بە شانازییەوە وەك بیرمەندێکی فاشیست، کۆچی کرد، کەچی ٣٠ ساڵ پاشڤە مەرگا وی، بەبێ ئەوەی شایەنی هیچ نووسینێك یان لاکردنەوەیەك بێت لەلایەن ڕوناکبیرانی کوردەوە، تازە بە تازە د. مەحەمەد و-لیستەیەك لەناوی ڕۆشنبیرانی تاوان-، دەرخواردی خوێنەری کوردی دەدەن و لەگشتی سەیرتر و سەرسوڕهێنتر ئەوەیە، د. محەمەد، هایدەگەر وەك ڕابەری شۆڕشێکی فەلسەفی پێمانی دەناسێنێ. من پێش هەموو شتێك خوێنەرم و هەندێ جار ڕاستەوخۆ چاوم بە ناوی زلکراو، بەڵام وێران دەکەوێ، بۆ نموونە لە مانگی ڕابردوو کتێبێکم خوێندەوە بەناوی (نیتشە و فێمینزمی هاوچەرخ)و تێدا ئاماژە بە بۆچونێکی ئەحمەدی بابەك دەکات: (ڕەخنەی سەرەتایی دریدا لە میتافیزیکی خۆرئاوا ئەوەیە کە بیری فەلسەفی زانستی خۆرئاوا هەمیشە زیندانی فاکتەری دوو جەمسەری بووە کە <u>***خۆی درووستی کردوون***</u> و پاشان وایزانیوە کە لە ڕاستیدا هەن، بیری میتافیزیك هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە بەندەیی ئەم زیندانە ڕزگار بکات- لاپەڕەی٢٤)،

بەبێ ئەوەی پێویستیمان بەوە هەبێت، بە هوردی ئەو ڕستانەی سەرەوە بخوێنین، دەتوانین بە کورتی بە ئەحمەدی بابەك بڵێین: دوو جەمسەری، بەرهەمی بیری فەلسەفی زانستی خۆرئاوا نییە و درووستیان نەکردووە، بەڵکو دوو جەمسەر لە دێرزەمانەوە، لەو کاتەوە کە مرۆڤ ئەفسانەکان و ئاینە فرەخوداییەکان تا بە داڕشتنی تاك خودایی، ژیان و ململانییەکانی لە دوالیزمی خێروشەڕ، باش وخراپ، دابەشکردووە.

کاك کەمال لەم بارەیەوە هەمان هەڵەی کردووە و پێی وایە (ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفی بدەینەوە، دەبینین سەرهەڵدانی میتافیزیکی دوالیستی لە بۆچوونە فەلسەفییەکەی ئەفلاتۆن دەستپێدەکات و بە نیتشە تەواو دەبێ-لاپەڕە١٢و١٣).

مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆ دەبێ لە نووسینەکانی زۆر وردبینانەتر بێت لە خوێنەران، چونکە: بە بۆچوونی مێژووناس(دیوگینس لارتیوس)لە سەدەی دووی زاینیدا، دووپاتیکردووە کە ڕۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەتی مسرییەکان یەکەمن لە فەلسەفەکردن سەرچاوە: د. عبدالرحمن بدوی، ربیع الفکر الیونانی، قاهرە، ١٩٥٨، لاپەڕە١٠. ئەمە هەمان بۆچوونی زۆر لە بیرمەندان بووە، وەك( فیلون)ی جوو و(کلیمنت)ی ئەلسکەندەری کریم متی: الفلسفە الیونایە قبل سقرات، پێشەکی، بەغدا، ١٩٦٧. هەر لە هەمان کتێب(خوای شۆڕش) بەم شێوەیە ئاماژە بۆ بۆچوونی فوئاد زەکەریا دەکات: (... یەکەم فێرگەی هزر لە خودی سەرزەمینی یونان دەرنەکەوت، بەڵکو لە ئۆردوگایەکی ئەیونی...- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١١٣.)" لە شێکردنی سروشتی میتافیزیای یۆنانی- کاکڵەی فەلسەفە لەلای یۆنانییەکان، دەکرێ بگوترێ کە تەنها داڕشتنێکی نوێیە بە شێوەی گوتن و زاراوەیی لەبارەی دیاردەی عەقلانییەت و زانست بۆ بابەتگەلی خودی میتۆدۆلۆژیا کە پێش دەرکەوتنی میتافیزیای یۆنای هەبووە. زۆر لە تازەگەرەکان وەك(ری)و(ب. ئەلکسەندەر)و( دیورانت)و(میلهود )و(سارتون)هەمان بۆچوونیان هەیەو لەهەمان کاتدا (جاردنەر) ئەم ئاراستەیە بە گوتەیەکی بەپیت و ڕوون دەربڕیوە: ( فەیلەسوفە یۆنانییە یەکەمەکان وەك تالیس و فیتاگۆرس وەك قوتابی لەبەر پێی کاهنە مسرییەکان دادەنیشتن.- Egypt of the pharaohs, p9-) بە بۆچوونی خودی ئەفلاتۆن(یۆنانییەکان منداڵن لەچاو ئەو شارستانییە کۆن و مەزنانە- فوئاد زەکەریا، التفکیر العلمی، لاپەڕەی ١٢٩). هەروا: بە بۆچوونی مسرییەکان، قوتابخانەی(مەنف)ییەکان، دنیا لە دوو نەمر پێکهاتووە کە ئاو(نون) و ئاگر(رع)ن- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١١٦.

بەڵام ئەمە تەنها زانیارییەکی کەمە لەبارەی سەرەتای فەلسەفەکردن کە لەناو منداڵدانی ئەفسانە ، سیحرو ئاین و بەگشتی بیرکردنی مرۆڤ و نائارامی و دڵەڕاوکێی بۆ تێگەیشتن لەخۆی و دەوروبەری لەپێناو گەیشتن، چونکە بێگومان ئەگەر بەدوای زانیارییەکان لەبارەی سەرەتای ناوبراو لە مێژووی ئەکەد، ئاشوور، بابلی،سوبی یان شارستانی چین، فارس، وڵاتانی ئەفریقا و هیندستان بگەڕێین، هەرگیز ناگەینە دیاریکردنی سەرەتایەکی واقعی و سەرراستانە بۆ مێژووی فەلسەفەکردن، بۆیە ناعەقلانییەتە، ئەگەر بۆ سەرەتای مێژووی فەلسەفە بگەڕێین! لەوەش گرنگتر: ئەگەر سەرەتای فەلسەفەکردن بۆ نائارامی مرۆڤ لەبارەی بوونی خۆی و ژینگەکەی بگەڕێنینەوە، ئەوا خودی ئەفسانەکان هەزاران پرسیاری فەلسەفی دەوروژێنن لەبارەی ژیان و مردن و سەرگەردانی تا هەنوکەی مرۆڤ لەبارەی سەرچاوەی ژیان(سەرچاوە؟!). ئایا ئەفسانەکان جۆرێك لە فەلسەفەکردن نین؟! ئەی ئەگەر فەلسەفە بۆ پرسیارکردن بگەڕێنینەوە، ئەوا دەتوانین یەکەم مرۆڤی نەناسراوی ناو کۆمۆنە سەرەتاییەکان کە ئاستی هوشیارییەکەی گەیشتە پرسیاری: ((بۆ))لە مێژووی نەنووسراو، یەکەم فەیلەسوف بووە: (مێژوویەکی دیاریکراو بۆ سیاسەت، یاسا، زانست، هونەر و ئاین نییە (مارکس، دەستنووس- ل.فۆیەرباخ، لاپەڕەی٦٥٧)و دەتوانین فەلسەفەش بخەینە پاڵیانەوە!

کاك کەمال لەسەر ئەو هەڵە قورسەدا، بەشی یەکەمی کتێبەکەی بنیاتناوە.

لێرەوە نامەوێ زیاتر درێژە بەم لایەنە بدەم، چونکە بۆ نووسینی چەندین جلدیش کۆتایی نایەت، ماوە لەگەل مارکسدا بڵێم: (بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانی کە لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەمین دادەبەزێت، لێرەدا-لە کتێبی ئیدۆلۆژی ئەڵمانی- لە سەرزەمینەوە بۆ ئاسمان بەرزدەبین... ئیدۆلۆژی ئەڵمانی-لاپەڕە ٣٠).

چەند"سووکە"هەڵەی نووسینی دکتۆر: لەبری مێسکیرش نووسیویەتی مێسکرش- شوێنی لەدایکبوونی هایدیگەر" لەبری یورگ، نووسیویەتی یۆرگ- ناوی کوڕە گەورەکەی هایدیگەرە-).

لەڕاستیدا بێجگە لە سەرقاڵبوونم بۆ جێبەجێکردنی چەند"پرۆژەیەك"، بڕیاریشم نەداوە سەرتاپای کتێبەکە شەن وکەو بکەم و تەنها کار لەسەر گرنگترین بەشی کتێبەکە دەکەم، واتە: هەڵەی ڕامیاری هایدیگەر




پێشەکی دەبێ خۆشحاڵی خۆم دەرببڕم لەبارەی ئەوەی د.محمد کەمال ئاشنایە بە کتێبەکەی(ڤیکتۆر ڤاریاس بەناوی- هایدیگەر و ناسیونال سۆسیالیزم)و لە کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە، بەڵام بەداخەوە هیچ سوودی لێوەرنەگرتووە بۆ نزیکبوون لە حەقیقەتی هایدیگەر، بە مانایەکیتر، وەك مامۆستایەکی زانکۆ دەبوو بەباشی لەو هەموو بەڵگەنامە بێشومارانە کە بە پشکنین لەماوەی ١١ساڵ لەناو ئەرشیڤی کتێبخانەکانی فرایبۆرگ و بەرلین و ئەوانیتر بەدەستیهێناوە، وردبێتەوە، بەڵام دیارە د.محەمەد پێشوەخت بڕیاری داوە، دوور لە میتۆدی زانستیانە، حزبیانە مامەڵە لەگەل کتێبەکەی ڤاریاس بکات و قەڵەمە سەرتاپا لەناو خوێن نغروبووەکەی هایدیگەرو بەرێگای ئەمەوە تەبابوونی نووسینەکانی نیتشەش لە نازییەت ڕزگاربکات.

ئەندامبوون لە حزب و دەسەڵاتی فاشیستی بیر یان هەڵەی سیاسی نییە وەك د. محەمەد ناوزەدی دەکات، بەڵکو تاوانە وەك بزووتنەوەی ئەنتی فاشیستەکانی ئەڵمانیا ناوزەدی دەکەن. سەیر ئەوەیە کوردێك بەرێگای هیندستانەوە خۆیی گەیاندوەتە زانکۆی ئوسترالیاو لەوێوە بەپێچەوانەی گشت زانا کۆمونیست و چەپ و مرۆڤدۆستەکانی ئەڵمانیا،تازە بە تازە بیانوو سازدەکات بۆ نازینەبوونی هایدیگەر.

د. محەمەد لە ئوسترالیاوە بیانوویەکی درووستکردووە بۆ هایدیگەر کە خودی هایدیگەریش وای نەگوتووە و قبوڵیشی ناکات: بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٨١-١٨٢، دەنووسێ: (*بە بیروڕای من هەڵەی هایدیگەر لە هەڵبژاردنەکەیەوە بەسەرۆکی زانکۆ دەستپێدەکات. ئێمە، ئێستا دەتوانین ئەم حوکمە بدەین، چونکە سیاسەتی نا-مرۆڤانەی نازییەکانمان بینی. ئەو کاتە لەسەرەتاوە ئەم سیاسەتە ئاشکرا نەبوو، نازییەکان داوای گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەیان دەکرد. زۆر کەس لەسەرەتاوە دڵیان بەم داواکارییانە خۆش بوو،، بەڵام زوو وەکو هایدیگەر نائومێد بوون و پەشیمان بوونەوە.* )